www.kurdistannet.org

# دەسەڵات.. ئەفسانە

لەگەڵ ڕێزمدا بۆ خەڵکی باشوری کوردستان، بەڵام پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵات لە زۆر لایەنەوە وەک پەیوەندی نێوان ژن و پیاوێکی زەمانی زوو وایە..

کاتی خۆی (وابزانم تاڕادەیەک ئێستاش) هەموو دەسەڵاتی ناو خێزانەکان لەدەستی پیاودا بوو و ئافرەتیش دەچەوسێنرایەوە و دەشبوایە فزەی لەدەم نەهاتایەتە دەرەوە و بێدەنگ سەری خۆی کزبکردایە، خۆ ئەگەر ژنێک بیوێرایە ڕەخنەیەک یان قسەیەکی‌کەمێک توند بەڕوی پیاوەکەیدا بدات، ئەوا یەکسەر لەیانێکی باشی دەخوارد و گەر هەر بەردەوامیش بوایە، ئەوا تەڵاق دەدرا و هەزار و یەک ناو ناتۆرەی دەخرایە پاڵ و حەیایان دەبرد.. دەسەڵاتی ئەمرۆش بەمانای وشە هەموو دەسەڵاتێکی لەدەستایە و خەڵکیش تاڕادەیەک بێدەنگ سەری خۆی کزکردووە..

جاران پیاو ڕەوەیەک منداڵی دەخستەوە و بەو شێوەیە ئافرەتی لەڕادەبەدەر سەرقاڵ دەکرد، ئێستاش دەسەڵات کۆمەڵی گرفتی قۆڕی وەک نەبوونی ئاو کارەبا و نەوت و بەنزینی بۆ خەڵکی ناوەتەوە و سەرقاڵی کردوون تا بیرنەکەنەوە.. جاران پیاو هیچ ڕەخنەیەکی لە ژنەکەی قبوڵ نەدەکرد، تەنانەت ئەگەر لەسەر هەقیش بوایە، بگرە هەموو شتێک هەر دەبوایە بە ئارەزوی خۆی بوایە، ئێستاش دەسەڵات هیچ ڕەخنەیەک لە هیچ کەسێک قبوڵ ناکات، هەموو شتێک هەر دەبێت بە ئارەزوی ئەو بێت و هەر تەنها خۆی ڕاستە. ئەو کەسەش لابدات، ڕاستەوخۆ یان بەگێرەشێوێن و دژەکورد ناوزەندی دەکەن یان چزەی لێهەڵدەسێنن، بۆ نمونە وەک لابردنی وەزیری ڕۆشنبیری حوکمەت..

جاران پیاو لەبەیانیەوە تا ئێوارە سەرقاڵی ڕابواردن و ئیشی خۆی بوو و خێزانەکەشی لەماڵەوە تەپیبوو و بەهیچ شێوەیەک نەدەچوو بەلایدا تا ئەو کاتەی پێویستی پێیدەبوو.. ئێستاکەش پیاوانی دەسەڵات ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گوڵمەکانیان گەشتر دەبێت و خەڵکە گشتیەکەش هێدی هێدی دەپوکێنەوە، دەسەڵات تەنها لەو کاتانەدا ئاوڕ لە خەڵکی دەداتەوە کە بەڕاستی پێویستیانە، بۆ نمونە لە کاتی هەڵبژرادندا هانایان بۆ دەبات و داوایان لێدەکات دەنگیان بۆ بدەن.. جاران پیاو هەزاران پەیمانی درۆی بە ژنەکەی دەدا، دواتریش بە دوو قسە هەڵیدەخڵەتاند و بە پیاسەیەک لە بیری دەبردەوە، ئێستاش دەسەڵات بەسەدان وەعدی درۆ خەڵکی ڕاییدەکات و بەیەک دوو چنگ برنجی بایەعی و قسەی بۆش دڵیان دەدەنەوە، هەر بۆ نمونە ئێستا فێری ئەوەبوون کە دەڵێن لە داهاتوودا هەموو کێشەکان چارەدەکەین (لەداهاتودا وا دەکەین و وادەکەین.. نیازمانە و لەبەرنامەماندایە.. هتد)..

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

www.kurdistannet.org

بەڕاستی دەکرێت دەیان نمونەی تری لەو بابەتە بهێنینەوە.. بەڵام ئەوەی مەبەستمە بیڵێم جاران کێشەکە زۆر زەق بوو و چارەکەشی لەو ئاشکراتر و ڕونتر.. ئەو کاتە دەکرا پیاو کەمێک مرۆڤانەتر بیربکردایەتەوە و مافی خێزان و منداڵەکانی نەخواردایە.. ئێستاکەش دەکرێت دەسەڵات بەشێوەیەکی جدی ئاوڕێک لە ڕەفتارەکانی بداتەوە و یەک جار و بۆ هەتاهەتایە دیاردەیەکی کوشندەی وەک گەندەڵی بنەبڕ بکات، بەبێ ئەوەی سڵ لەوە بکاتەوە کە فلان مەسئول هەر زۆرزۆرزۆر گەورەیە و لەسەرو هەموو لێپرسینەوەیەکە.. بەڕاستی کاتی ئەوە هاتووە کە چاوێک بە لاریەکانی خۆیاندا بخشێنێنەوە و نەک بە دەم، بەڵکو بەڕەفتار بۆ هەموو خەڵکی بسەلمێنن کە هێشتام خاوەنی متمانەن.. ئەگەر نا، ئەوا پێم وایە خەڵکی ئێستا وەک جاران دانەنیشن و چاوەڕوانی تەلاق بن، ئەمڕۆ بێت یان سبەی ئەوان دەسەڵات تەلاق دەدەن.. تازە ئەو سەردەمە کۆنە لەگەڵ ڕژێمە گۆڕبەگۆڕەکەی پێشوودا بەسەرچوو..

afsane1@myway.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com